بۆنە....فەرماندەی گشتی بەشداری لە نمایشی یادی ١٠٢ ساڵەی دامەزراندنی پۆلیس دەکات

ئەمە سەشەمە، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی بە بۆنەی ١٠٢ ساڵەی دامەزراندنی پۆلیسی عێراق بەشداری نمایشی سەربازی کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە,, بە پاپشتی و ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمە بە بۆنەی ١٠٢ ساڵەی دامەزراندنی پۆلیس عێراقییە، نمایشێکی سەربازی لە کۆلێژی پۆلیسی وەزارەتی ناوخە بەڕێوەچوو.

ئاماژەی بەوەشکرد" یەکە و فەوجەکان وکارمەندانی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی وەزارەتی ناوخە بەچەك و تواناکانیەوە لەبەردەم فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان نمایشکران، لە دیمەنەکدا کە گوزارشت لەو توانا و کارامەیی گەورەیی و بەهرەمەندی و پاڵەوانەکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخە دەکرد، نمایشەکە کەمێک چالاکی لەخۆگرتبوو کە دەربڕین لەتوانا و کاری پێکهاتەکانی وەزارەتەکە دەکرد.

هەروەها وتی" لەم نمایشەدا ژمارەیەك وەزیر و سەرکردەی ئەمنی و سەرکی سەندیکا و فیدراسیۆنەکان و نوێنەری نوێنرایەتییە دیپلۆماسییەکان لەعێراق ئامادەبوون".